# لەقەندیلەوە ئەنقەرە ناهەژێ !

## قسەکردن لەسەر ڕاستیەکی تاڵ



سلێمان عەبدوڵڵا یونس
slemanyunes@yahoo.co.uk

ڕەنگە هەمووومان هاوڕابین لەسەر ئەو ڕاستیەی ، کەئەگەر گۆڕانکاریە گەورەو خێراو ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکانیش نەبونایە ، شۆڕشی کورد ، لەکوردستانی عێراق نەیدەتوانی ئەو گۆڕانە گەورانە بەتەنها بخولقێنێ و ئەم بەر و دەسکەوتانەش بدات ، کە هەمووومان بەلەبەرچاوگرتنی جیاوازی هەڵوێست و تێڕوانین و خوێندنەوەمان بۆ ئەو دەسکەوتانە ، بەشێوەیەکی گشتی بەدەسکەوتی سیاسی و نەتەوەییی گرنگیان بۆ کورد لەقەڵەم دەدەین ، لێرەدا دەخوازم بڵێم هەلومەرجە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان هەمیشە ڕۆڵی سەرەکی و بنەڕەتیان وازی کردووە ، هەمیشە قەدەری شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کوردیان لە مشتدا بووە ، پێموانیە لێرەدا ناچاربم به سەلماندنی ئەو ڕاستیە تاڵانە بۆ خوێنەر ، یا پێویستیم بە هێنانەوەی نموونە بێت ، ئەمە ڕاستیە تاڵە سەپاوەکانن بەسەر مێژووی ئێمەدا .

بوونی شۆڕش لەهەر پارچەیەک لە پارچەکانی کوردستان ، مەرجی بنەڕەتیە بۆ بەدەستهێنانی مافە سیاسی و نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و کەڵچەریەکانی کورد ، بەڵام چۆنیەتی بەڕێوەردن و ڕەنگڕێژ کردنی تاکتیک و ستراتیژی ئەو شۆڕشە و پێدانی شوناسێکی هاوچەرخانە ، کە بتوانی بەردەوامی بدات بە گیانی ڕیفۆرم و گۆڕان و هەمیشە شۆڕش لە ناو ئەو شۆڕشەدا بکاتە پێداویستیەکی فەرامۆش نەکراو ، مەسەلەیەکی ئێکجار گرنگە و دەبێت سەرکردایەتی شۆڕشی کورد هەمیشە بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات ، ئەگەرچی بەداخەوە هەتا ئێستا شۆڕشی کورد خاوەنی سەرکردایەتیەکی یەکگرتووی بە هێز نیی‌یە ، هەر بۆیە کە باس لەسەرکردایەتی شۆڕشی کورد دەکەم ، مەبەستم سەرکرایەتی هەرێمی‌یە لە هەر پارچەیەک لەپارچەکانی کوردستاندا .

بێگومان دەبێت ئەزموونی شۆڕشی خەڵکی کورد لە کوردستانی عێراقدا ، سەرمایەکی بەکەڵک بێت بۆ شۆڕشی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ، لێرەدا من نامەوێت بڵێم پارتە سیاسیە ڕێبەرەکانی شۆڕشی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا کۆپی سیاسەتی پارتە سەرەکیەکانی کوردستانی عێراق بن ، یان نامەوێت بڵێم لە پڕ ئەزمونی ڕێبەرانی شۆڕشی کوردستانی عێراقەوەیە ،کە هەموو ئەو دەسکەوتە سیاسیانە لەو هەرێمەدا بەدەست هاتوون ، چونکە هەر لەبەرایی ئەم وتارەدا من ڕۆڵی دەرەکیم نەک فەرامۆش نەکردووە ، بەڵکو بە سەرەکی و بنەڕەتیشم

ئەژماردووە ، بەڵام ئەزموونی دۆستایەتی و تێگەیشتن و خۆ گونجاندن لە گۆڕانە سیاسیە بەردەوامەکانی ناوچەکە و دنیاش ، کەسەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق بنیاتی ناوە ، ئەزمونێکی بەکەڵکە و دەکرێت لەو دیوی بەرژەوەندیە ئایدلۆژی و حزبیەکانەوە سەیری بکرێ ، دەکرێ بخرێنە خزمەت هێنانەدی ئامانجەکانی شۆڕش لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بەگشتی و کوردستانی بندەستی تورکیا ، (باکوری کوردستان) بەتایبەتی.
ڕەنگە ڕاستیەکی ئێجگار تاڵ یان مایەی قبوڵەکردن بێت کە بڵێم شۆڕشی کورد لەسەر دەستی سیاسەتی داخراوی ئێستایی سەرکردایەتی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە ، توشی شکستێکی سیاسی گەورە بووە ، من باس لە شکستی‌یە سەربازیەکە ناکەم ، چونکە پێم وانی‌یە بەشکستی سەربازی شۆڕشی کورد لە باکوری کوردستان لە پاشەکشە دەدات ، بەقەد ئەوەی پێم وایە شکستی سیاسی مەترسیدارە و بە ئاسانی پارسەنگ ناکرێتەوە ، ئەگەرچی پارتی کرێکارانی کوردستان هەتا نهۆ ڕێبەری بێ ڕکابەری شۆڕشی کوردە لە باکوری کوردستان ، ئەگەرچی توانیویەتی پشتیوانیەکی ناوخۆیی لەسەر ئاستی باکوری کوردستان ، بۆ خۆی مسۆگەر بکات ، بەڵام بەداخەوە ، لەگەڵ ئەو ڕاستیانەشدا ، مادامەکی ناوبانگی پارتی کرێکارانی کوردستان ، لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی ، ناوبانگێکی باش نی‌یە ، مادام لەسەر ئاستی سیاسی زلهێزە باڵادەستەکانی خۆرئاوا بەڕێبەرایەتی ئەمریکا ، پشتیوانی لە سیاسەتی ئەو پارتە ناکرێت ، بەداخەوەم کە بڵێم کەواتە ئەوەی شۆڕشی کورد لەسەردەستی ئەو پارتە لەو بەشەی کوردستاندا دەیکات ، ئاسنی سارد کوتانە .
بەکورت و کرمانجی شۆڕشی کورد لەباکوری کوردستان دەبێت بیر لەئەلتەرناتیفێکی دیکە بکاتەوە ، بۆ بیرکردنەوە لەئەڵتەرناتیفێکی سیاسی دیکە ، پێویستە کۆدەنگیەکی کوردستانی هەبێ ، بەپشتیوانی خودی پارتی کرێکارانی کوردستانیشەوە ، بۆ ئەو کۆدەنگی و بیرکردنەوە لەو ئەڵتەرناتیفە سیاسیە ، ئەڵتەرناتیفێک ، بشێ کۆتایی بەو زەمەنی بێدەنگ بوونە بهێنێ ، کەبەرژەوەندی سیاسی دەوڵەتە خۆرئاواییەکان ، بە قۆستنەوەی ناوبانگی خراپی سیاسی پارتی کریکارانی کوردستانەوە ، توانیویانە درێژەی پێبدەن و تا ڕادەیەکیش ڕای گشتی خەڵکەکانیشیان لە خۆرئاوای مەڵبەندی مافەکانی مرۆڤ و دیموکرااسی ، لەو بێدەنگیەیان ڕازی بکەن ، کەواتە ، ئەرکی هەنوکەیی و چارەنوسساز ، بۆ ئەو بەشەی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد ، ئەگەرچی ئەرکێکی ئێجگار قورسە ، ئەگەرچی پێویستی بەجەسارەتێکی سیاسی کەم وێنەیە ، بەڵام لەگەڵ ئەو ڕاسیتیانەشدا جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانە لە ئیرادەی شۆڕشی میللەتێک بەدەرنی‌یە ، شۆڕشی میللەتی ئێمە لەو بەشەی کوردستاندا لەبەردەم دووریاندایە و ڕێگای سێیەمی لەبەردەمدا نی‌یە ، چونکە ئەوەتا بەبەرچاوی هەموومانەوە ، بەبیانوی لێدانی مۆڵگە سەربازیەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە گەلەکۆمەکێیەکی ناوچەیی لەسەر کورد و دەسکەوتەکانی کوردستانی عێراق دەکرێت و تەنها یەک چاو نوقاندنی ئەمریکا بەسە ، بۆ سەر گرتنی ئەو گەلەکۆمەکیە ناوچەییە بەهێزە و ڕیگرتن لە گەشەکردنی دەسکەوتە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق ، هەر بۆیە بۆ ڕێگرتن لەو هەڕەشە هاوبەشانە ، سەرکردایەتی سیاسی کوردستانی عێراق ، نابێت خۆی دوورە پەرێز بگرێت و ڕێگەچارە سیاسیەکانی خۆی بۆ دۆستە خۆرئاواییەکانی بەڕێبەرایەتی ئەمریکا نەخاتە بەرچاو ، نابێت بەردەوامی بەو بێدەنگیە بدات ، کە پێی وایە بەم بێدەنگیە دەتوانیت خۆی لەڕووبەڕوو بوونەوەی

هەڕشە بەردەوامەکانی دوڵەتی تورکیا بۆ سەر ئەزموونە هەرێمیەکەی خۆی لادەدات ، بەتایبەت لەم هەلومەرجە سیاسیە یارمەتیدەرەی ، کە عێراقی پێدا گوزەر دەکات ، ئەو هەلومەرجەی کوردی گەیاندۆتەی هەڕەمی سەرەوەی دەسەڵات لە عێراق و لە سەر ئاستی عێراق و کۆمەڵی نێودەوڵەتیش ، داننانێکی ڕەسمی و دەستوری هەیە بەڕەوایەتی ئەزموون و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە ، هەروەک چۆن پێویستیشە سەرکردایەتی شۆڕشی باکوری کوردستان لە پێشەوەیاندا پارتی کرێکارانی کوردستان ، لەو هەموو گۆڕانە گەورە و خێرایانە بەئاگا بێتەوە و تەپوتۆزی ئایدلۆژی ، کە توندوتیژی بەرهەم دەهێنێ ، لە خۆی بتەکێنێ و بەشوناس و بەرگێکی نوێوە ، بێتەوە مەیدانی خەباتێکی مۆدێرنی دیموکراسیانەی مەدەنیانەی هاوچەرخ ، جونکە ئەگەرچی ڕاستیەکی تاڵیش بێت ، بەڵام وادەی گوتنی هاتووە ، لە قەندیلەوە ئەنقەرە ناهەژێ .